وەزیری ناوخۆی عێراق سەرپەرشتی کۆنفرانسێکی فراوانی ئەمنی دەکات

ئەمڕۆ شەمە"عەبدولئەمیر شەمری" وەزیری ناوخۆی عێراق،بۆئامادەبوونی ژمارەیەک فەرماندەو ئەفسەر،سەرپەرشتی کۆنفرانسێکی فراوانکراوی کرد.

وەزارەتی ناوخۆ لە ڕاگەیەندراوێکدا باڵاویکردەوە :- ئەمڕۆ وەزیری ناوخۆ بۆئامادەبوونی "بریکار و هاوڕکار و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و ژمارەیەک لە فەرماندەو ئەفسەر،لە بارەگای ئاژانسی وەزارەت بۆ کاروباری پۆلیس، سەرپەرشتی کۆنفرانسێکی فراوانکراوانی کرد .

وەک ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی پێداوە:- لەم کۆنفرانسەدا باس لە میکانیزمەکانی چاکسازیکردن لە بنکەکانی پۆلیس و پەرەپێدانی کارکردنیان کرا لە هەردوو لایەنی تەکنیکی و کارگێڕیەوە، بۆ ئامانجی دەستپێکردنی جێبەجێکردنی ئەو سیستمە ئەمنییەی کە وەزارەتی ناوخۆ بۆنیازە جێبەجێی بکات.

هەر بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە :- ئامادەبووان گفتوگۆیانکرد لەسەر هەموو لایەنەکانی پێویست بۆ بەهێزکردنی هەوڵی هاوگری و ئەمنی و پشکنینکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوڵاتیان، کە ئەم هەنگاوە کاریگەریەکی زۆری دەبێت لەسەر شڤامی عێراقی لە جێبەجێکردنی سیستەمی ئاسایشی ناوچەکە.